# کامێرایەکی بچووک بە کوالیتییەکی بەرز



ئێستا سەردەمی پێشوو نییە کە هەتا قەبارەی ئامێرەکان گەورەترن بن بەمانای کارایی و توانایی باشی ئەوان دێن، بۆ نموونە ئەو کامێرە بچووکە کە قەبارەکەی تەنیا یەك ئینجە و بەڵام وەك هەموو کامێرایەکی بەهێز بە کوالیتی بەرزەوە وێنەکان دەگرێت. بچووکی کامێراکە وەك تایبەتمەندییەکی باشی کامێرای جۆری Grey Point سەیر دەکرێت. کامێراکە هەستەوەری جۆری Exmore R تێدایە و کە قەبارەکەی تەنیا 3 سەنتیمەترە. کامێراکە وەك ئاماژەمان پێدا بە کوالیتی فول ئیچ دی فیلم هەڵدەگرێتەوە. شوێنی دانانی USB 3.0 هەیە، کە بەهۆیەوە دەکرێت ئامێرە دیجیتالییەکان لەم کامێرایە بخرێن.

# هێدێستی وایەرلەیسی سۆنی



ئەم هێدێستەی کۆمپانیای سۆنی هەر ئەوە نییە کە خاوەنی دوو بڵندگۆی بچووك بێت و بتوانێ بەهۆیەوە گوێ لە مۆسیقا بگری و کارایی و تواناکانی لە سەرووی MP3 playerێکی ئاساییە.

تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو ئامێرە ئەوەیەکە خاوەنی بلوتوسە ولەگەڵ ئامێرەکانی دیکە لە پەیوەندیدا دەبێت. دوو جۆرە دەنگی تایبەت بە شوێنی هێدێستەکە تێدایە. میمۆری کارت تا 32 گیگابایت دەخوێنێتەوە. لە هەمووی گرنگتر دەکرێت فایلە دەقەکانت بۆ بێکاتە فایلی دەنگ و بیخوێنێتەوە. ئیمێلەکانت لەخۆیدا رادەگرێت. هەروەها بەهۆیەوە دەتوانیت پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانت وەربگری و تەنانەت بەپێی لیستی پەیوەندییە هاتووەکان دەکرێت، پەیوەندییەشیان پێوە بکەی.

# فەرهەنگی دیجیتالی پێشکەوتوو



لەناو کورددا ئەو پەندە باوە کە چەند زمان بزانی، ئەوەندە مرۆڤەی. هەرچەندە لە جیهانی ئەنتەرنێتدا ئەوەی تەنیا یەك زمانیش بزانێ لە وەر گێڕانی مەبەستەکەیدا بۆ زمانی دیکە گرفتێکی بۆ نایەتەپێش و دەتوانێت بەکەموکورتیش بێت بە فەرهەنگ و وەر گێڕە ئۆنلاینەکانی ئەنتەرنێت مەبەستەکەی خۆی بۆ ئەو زمانەی مەبەستییەتی وەربگێڕێت، بەڵام هەمیشە ئینتەرنێت لە هەموو شوێنێك نییە و بۆ ئەو کاتانەش ئامێری وەر گێڕی دیجیتالی بەرهەم هاتوون کە ئەرکەکان ئاسان دەکەنەوە. ئامێری وەر گێڕ و فەرهەنگی Point and click سەرنجی زۆر لە بەکارهێنەرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. ئامێرەکە قەوارەکەی بچووکە و بەکارهێنەر دەتوانی بە ئاسانی لەگەڵ خۆی بیگێڕێ. تایبەتمەندییەکی گرنگی ئامێرەکە لەوەدایە کە سکاینەرێکی بەهێزی لە گەڵدایە کە بەهۆی دانانی لەسەر رستەی مەبەست ئەگەر لە سەر کاغەزێك نووسرابێ رستەکە سکان بکات و وەریبگێڕێ. سکاینەرەکە وەك کامێرایەکی بچووك لەسەرەوەی ئامێرەکە داندراوە و بە داگرتنی دوگمەیەك کار دەکات. دیکشنەری یا فەرهەنگەکە سپیکەر واتە بڵندگۆی هەیە و دەتوانێت وشەکان بە هێجایەکی باش دەربرێ. لەم فەرهەنگەدا زیاتر لە 500 هەزار وشە هەیە و دەتوانێت زمانەکانی فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتالی و ئەلمانی بۆ ئینگلیزی و پێچەوانە وەربگێڕێ.

# ئامێرێک بۆ خۆپاراستن لە گەرمای هاوین




ئێستاکە وەرزی هاوینەو گەرما تاقەت پرۆکێنە و بۆ کاری پێویست نەبێت کەم کەس دەردەکەوێت، ئەی ئەگەر ناچار بووی بێیە دەر، بڵێی ئامێرێك هەبێت کارێك بکات هەست بە گەرمی نەکەی؟ بەڵێ لەبری ترس لە گەرمی تیشکی خۆر تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئامێری Coolware ت پێبێت. ئامێرەکە وەك تۆقێك لە گەردنت دەهاڵێ و بە دوو باتری ئیش دەکات و موبەریدەیەکی بچووکی تێدایە و بەپێی زانست دەوری مل و گەردن ئەگەر فێنك بێت مرۆڤ کەمتر هەست بە گەرمی دەکات، بەڵام قەت پێناچێت ئامێرەکە کاریگەری هەبێت بۆ گەرمای هەولێر، هیچ دوور نییە ئامێرەکە وەك خاوەنەکەی لە گەرمان لەکار بکەوێت!

# گڵۆپەکانی ماڵەوەت بە مۆبایل بکوژێنەوە

مرۆڤ هەتا لە بواری هزرییەوە سەرکەوتووتر دەبێت، لەبواری جەستەییەوە بەرەو لاوازی دەچێت، ئەگینا قەت مرۆڤ بیری لەوە نەدەکردەوە  کە تەنانەت ئامادە نەبێت لە شوێنی هەستێت و پلاکی کوژاندنەوەی گڵۆپەکانی ماڵەوە بکوژێنێتەوە یان پێیان بکا.

کۆمپانیای INSTEON کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێرە کارەبایییەکانی تایبەت بە ماڵەوە، هەوڵیداوە گڵۆپی جۆری LED بەرهەم بهێنێ کە لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. گڵۆپەکانی 60 واتین و بە کۆنترۆڵ هەڵدەبن و دەکوژێنەوە. ریمۆت کۆنترۆڵەکە شتێك نییە جگە لە مۆبایلە هۆشمەندەکەی ئێوە، ئامێرە کۆنترۆڵدارەکانی کۆمپانیای ناوبراو بە تەنیا گڵۆپ نییە، بەڵکو دەکرێت لە پلاکی کارەبایی، کردنەوەی دەرگا و ئامێرەکانی دیکەی ماڵەوە بخرێن.






# مۆبایلەکەت بکە سکاینەر

ئەپلیکەیشن یا پرۆگرامە بە سوودەکان دەتوانن توانایی مۆبایلەکەت بەرنە سەرێ، جگە لە پەیوەندییەکان، وێنەگرتن و فیلم هەڵگرتنەوەو گەمەکردن گوێ گرتن لەمۆسیقا بەشێکن لە تواناکانی مۆبایل.. یەکێك لەو پرۆگرامانەی کە رەنگە لەسەر هاندەکەی ئێوەش هەبێت پرۆگرامی سکان کردنە. کە بەهۆیەوە دەتوانیت لە دەق و وێنەکان سکان هەڵبگریەوە. بەڵام گرفتێك کە دێتە پێش ئەوەیە کە بەهۆی لەرزینی دەستەوە ناتوانی وەك پێویست سوود لە مۆبایلەکەت وەربگری. ئامێری scanbox کە لەراستیدا لە کارتۆنێك پێکهاتووە و کێشی کەمە و هەڵگرتنی ئاسانە بەدانانی هاندەکە لەسەر ئەو بۆکسە بە ئاسانی دەتوانی سکانەکەت ئەنجام بدەی. لە سکان بۆکس دا گڵۆپی رووناکی هەیە بۆ ئەو کاتانەی کە پێویستی بە رووناکییە و بەهۆی ئەوەی کە دەنوشتێتەوە دەتوانی بە ئاسانی لە جانتاکەتدا هەڵیبگری.



# لەم سایتەدا فیلمی فێرکاری بێ بەرامبەر

سایتی itunesU لە راستیدا سایتێکە بەرهەمـــی کۆمپانیـــای ئەپڵـــە، کـــە بەهاوکاری چەندین زانکۆی ناســـراو و بەناوبانگی جیهانی داندراوە، لەم سایتەدا بـــە هەزاران فیلم و پرۆگرامی فێرکاری بەبێ بەرامبـــەر دەداتە بـــە ئۆگران و خوازیارانی فێربـــوون. هەموو فێلمەکان هی وانە گرنگەکانـــی فێربوونن کە بە کوالیتیەکـــی بەرز تۆمارکراون. راســـتە سایتەکە هی کۆمپانیای ئەپلە بەڵام بۆ




ســـوود وەرگرتن لە فیلمە فێرکارییەکان پێویست ناکات بەرهەمێکی کۆمپانیای ئەپل وەك کۆمپیوتـــەری جۆری ماك، یـــا مۆبایلـــی ئایفۆنت هەبێـــت، تەنیا شتێك کە پێویســـتە بۆ سوودوەرگرتن لە فیلمە فێرکارییەکان پرۆگرامی iTunes ە کـــە پـــاش دابەزاندنـــی پرۆگرامەکە ســـایتی itunesu بکـــەوە و فەرمانی Go to itunes U لێبدە، ئێســـتاکە لەو گەنجینەیـــەدا بەهـــەزاران بەرهەمـــی فێرکاری باش لە هەر مەبەستێکدا گیر دەکەوێت.

# کیبۆردی ئیمپراتۆر بۆ بەکارهێنەرانی پیشەیی



کۆمپانیـــای گینۆس کە بەرهەمهێنەری ئامرازی دیجیتالییە و ساڵیانێکە لەم بوارەدا ئامـــرازە بەرهەمهاتووەکانـــی کۆمپانیای ناوبراو لە جیهانی دیجیتالیدا جێگای خۆیان کردۆتەوە. لـــەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو نوێترین کیبۆردی خۆی بەناوی -Imper tor pro خســـتە بازاڕەوە. کیبۆردی ناوبراو هەڵبژاردنێکی باشـــە بـــۆ بەکارهێنەرانی گەمەی کۆمپیوتەری، چونکە کیبۆردەکە دوگمەکانی تیشك دەدەنەوە و لەو شوێنانەی کە رووناکیان نیەی زۆر گونجاوە. رووناکی دوگمـــەکان بەپێی ویســـتی بەکارهێنەرەکە رێکدەخرێـــت. کیبۆردەکە لە رێگای کێبڵی USB یەوە بە کۆمپیوتـــەر پەیوەند دەدرێت و لەگـــەڵ هەموو سیســـتەمەکانی ویندۆز دەگونجێـــت. چەندین دوگمـــەی تێدایە بۆ ئاســـانکاری لـــە فەرمانەکانـــدا، هەروەها شـــوێنێکی تایبەتیشـــی هەیە بۆ حەسانەوە بەخشین بە پەنجەی بەکارهێنەرەکەی.



# پرۆگرامێک منداڵان فێـــ

راســـتە ئەتاری و گەمەی ئەلکترۆنی یاریدەدەری کرانەوەی زەینی منداڵ دەدەن، بەڵام خووگرتنی منداڵ بەم یارییانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیانی پتر بێت لە قازانج! دەکرێت لە بری یاری ئەلکترۆنی پرۆگرام فێرکاری لەسەر کۆمپیوتەر دابندرێت، وەك فێرکاری مۆسیقا، تایپ، فێربوونی زمان و فێربوونی نیگارکێشان.


پرۆگرامـــی ArcSoft PhotoStudio Paint یەکێکە لەو پرۆگرامە بە سوودانە، کە بەهۆیەوە دەکرێـــت منداڵەکەت فێری

# فیلمەکانی یوتیوب بە سێ رەهەندی ببینە



ســـێ رەهەندی واتە 3D لە داهاتوودا گشتگیر دەبێـــت و دەبێتە یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی هەر ئامێرێك، ئامێرەکانی نیشـــاندان وەك تی ڤی، مۆبایـــل، کۆمپیوتەر، تەبلێـــت، کامێرا...تاد، هەموویان دەبنە تایبەتمەندی 3D.

یوتیوب کـــە گەورەترین ســـایتی خزمەتگوزاری بڵاوکردنـــەوەو دابەزاندن و دانانی گرتەی ڤیدیۆییە و ســـەر بە کۆمپانیای گوگلە ئێســـتاکە بە هەزاران گرتەی ڤیدیۆیی ســـێ رەهەندی تێدایە، بەڵام بە هۆی کۆمپیوتەری ئاســـایی یا مۆبایلی ئاســـایی بە ســـێ رەهەندی نابیندرێن و بگرە دەبێت چاویلکەی تایبەت بە سێ رەهەندی و ئامێری نیشـــاندانی تایبەت بە سێ رەهەندی هەبێت، لەم دواییەدا بۆ مۆبایلی جۆر ئایفۆن ئامێرێك بەرهەم هاتووە کە دەتوانرێت بەهۆیەوە فیلمە سێ رەهەندییەکانی یوتیۆب بە سێ رەهەندی ببینرێن، لە راستیدا ئەو ئامێرە کە خۆی لە کەیســـێکدا دەبینێتەوەو مۆبایلی جۆری ئایفۆنی لەناودا دادەنرێت و شـــوێنی سەیرکردنی دوو چاوی هەیە و وەك دووربینێك دەچێت بەسەیرکردنی ئەو دووربینە گرتە ڤیدیۆییەکان بە سێ رەهەندی ببینە.



## ...ری نیگارکێشان دەکات

نیگار کێشـــان بکەیت، بەڵام بەشـــێوەی دیجیتالی، بەم هەنگاوە دوو ســـەرکەوتن بـــۆ منداڵەکەت دەســـتەبەر دەکەی، هەم ســـەرگەرم دەبێت و فێری شتێکی بەسوود دەبێت. لەم پرۆگرامەدا ستایلی ئامادەکراو هەیە، رەنگی جۆراوجۆر بۆ رەنگ کردنی تابلـــۆکان هەیە، کارەکان خـــەزن دەکرێن، هەروەهـــا بـــۆ ئەوانەی کە شاشـــەکەیان لەمســـییە، پرۆگرامەکە پشـــتیوانی لە شاشـــەی لەمســـی دەکات و دەکرێت بە پەنجەکانت تابلۆکە بکێشیەوە.

## ماوس یان تاچ پەد؟



مـــاوس کە وەك ئامێری شـــاکلیلی کۆمپیوتەر ســـەیر دەکرێت و بەهۆی ئـــەوەوە دەتوانیت فەرمان و ئەرکەکان ئەنجام بدەیت، مێژوویەکی لەمێژینەی لەگەڵ کۆمپیوتەردا هەیە و هەرچەندە کۆمپیوتەرە ســـەرەتاییەکان خاوەنـــی مـــاوس نەبـــوون و بگرە فەرمانەکان هەموویان بە نووسین دەبا بە کۆمپیوتەر درابان، بـــەڵام ماوس ئاســـانکارییەکی زۆری بۆ بەکارهێنەرەکەی رەخســـاندووە. لـــەم دواییەدا تاچ پەد تا رادەیەك شوێنی ماوسی گرتەوە، بەتایبەتی لە لاپتۆپـــدا، هەر لاپتۆپێك خاوەنـــی تاچ پەدی خۆیەتی، تاچ پەد بەو شوێنە دەگورێت لە لاپتۆپدا کە بەهـــۆی لەمســـکردنەوە کار و ئەرکی ماوس ئەنجام دەدات.

کۆمپانیای گیگابایت ماوسێکی بەرهەم هێناوە کە کارکردنی دوو لایەنـــە ئەنجام دەدات و دەکرێت وەك ماوســـێك یان تاچ پەدێکی لەمســـی سوودی لێوەربگیرێت. ئەو بەرهەمە کە بە Aivia Xenon Dual-Mode TouchPad Mouse ناســـراوە، هەر لەوکاتەوە ماوســـێکی لەیزەرییە و هەستەوەری رووناکی 1000DPIیە و لە هەر چرکەیەکدا 125 جار لێدەدات، بەداگرتنی دوگمەی لای تەنیشـــتی ماوســـەکە دەبێتە پەدێکی لەمسی، بە داگرتنەوەی جارێکی دیکەی ئەو دووگمەیە دەبێتەوە ماوسێکی ئاسایی.



## هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیارێـک

خوێنەرێکـــی بەرێـــز پرســـیارێکی ئاراســـتە کردووین و دەپرسێت، ئەوەندەی من شـــارەزاییم هەبێت لـــە پرۆگرامی فۆتۆشۆپدا گەڕانەوە بەهۆی دوگمەی ctrl+z تەنیـــا یەکجارە و ئەگینا دەبێت بە هۆی دوگمەکانـــی Ctrl + Alt + Z ئـــەم فەرمانە جێبەجێ بکرێت، بەڵام مـــن وا راهاتووم کە تەنیـــا دوگمەی ctrl+z بەکار بێنم، چونکە لە زۆربەی پرۆگرامەکانی دیکە بەم شـــێوەیە، ئایا دەکرێت لە فۆتۆشۆپیشـــدا بەم شێوەیە بێت واتە تەنیا بەهۆی ئەو دوو دوگمەیە گەڕانەوەی بەردەوام هەبێت؟

بەڵـــێ خوێنەری بەرێز بە ئاســـانی ئەو ئەرکە ئەنجام دەدرێت، لەســـەرەتادا بچو بۆ ســـەر شـــریتی Edit و لەوێدا فەرمانـــی Keyboard Shortcuts هەڵبژێرە، لـــەو ویندۆیەی کە دەکرێتەوە لیســـتی فەرمانـــەکان دەکرێتـــەوە، لە لیســـتەکەدا فەرمانـــی Step Bac-wards هەڵبژێرە و دوگمەکانی ctrl+z لەســـەر کیبۆردەکەت لێبدە. پەنجەرەیەك دەکرێتەوەو دەڵێت فەرمانەکەی پێشـــوو دەســـڕێتەوەو ئەو فەرمانەی تۆ داتناوە ئەکتیـــڤ دەبێـــت، فەرمانی Accept and Go to Conflict دابگرەو پاشـــان فەرمانی OK لێبدە.

## دکتۆر مۆبایل ئاگای لە تەندروستیتان دەبێت!

هـــەروەك لـــە زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بـــە مۆبایل ئاماژەمان بەوەدا کە مۆبایل ئیدی لە ســـنوور و تخوبی تەنیا پەیوەندی کردن و کورتە پەیام ناردندا نەماوە و ئێســـتا ئەرکە سەرەکییەکانی وەك ئەرکی لاوەکی سەیر دەکرێن، مۆبایل بۆتە «ریکۆدەر، کامێرا، کۆمپیوتەر، ئامێرەکانی مۆڵتی میدیا و تەلەفزیۆن و تاد...» لەم دواییەدا ئەرکی دکتۆریش بۆ مۆبایل زیاد بوو.

کۆمپانیای سامســـۆنگ بۆ مۆبایلی هۆشـــمەندی جۆری galaxy Siii ئەپلەکیشن یان بە واتایەکی دیکە پرۆگرامێکی بەرهەم هێناوە بەناوی S Health کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئاگاداری تەندروستی خاوەنەکەی بێت و لە زانینی ئاستی شەکرە، زەخت، لێدانی دڵ، تاو هێماکانی دیکەی نەخۆشی ئاگاداری بکاتەوە. پرۆگرامەکە رێکەوتی تەندروستیت تۆمار دەکات و یادداشتێك لە رۆژانەی تەندروســـتیت هەڵدەگرێتەوە. هەروەها لەو پرۆگرامەی گالاکسیدا کێشی جەستەشت دیاری دەکات و کۆمەڵێك رێنوێنی رێجیمی خۆراکی و راهێنانی وەرزشیت بۆ دیاری دەکات بۆ دابەزاندنی کێشی لەش. گەر بتهەوێ دۆست و نزیکانت لە تەندروستیت ئاگادار بن، دەتوانرێت یادداشـــتی رۆژانەی تەندروستیت بخەیە ناو یەکێك لـــە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییـــەوە و مۆبایلەکـــە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات.

